سەرکی پەرلەمان و وەزیری نەوت جەخت لە گرنگی بەهێزکردنی هاوکاری و هەماهەنگی هاوبەش دەکەنەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، هەیبەت حەلبوسی، سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران و حەیان عەبدولغەنی، وەزیری نەوت، جەختیان لە گرنگی بەهێزکردنی میکانیزمەکانی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن کردەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەفەق کەوتووە، دەڵێت: "سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران هەیبەت حەلبوسی، پێشوازی لە وەزیری نەوت حەیان عەبدولغەنی کرد".

ئاماژەی بەوەشکرد: "لە سەرەتای دیدارەکەدا، وەزیری نەوت پیرەزبایی ئاراستەی سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران کرد بە بۆنەی بەدەستهێنانی متمانەی ئەندامانی ئەنجومەن، و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکەکانیدا بە خواست". ئەوەشی خستەڕوو کە "لە دیدارەکەدا گفتوگۆ لەسەر ژمارەیەک لێو بابەتانە کرا کە پێیوەستن بە کاری وەزارەتەوە، و جەخت لە گرنگی بەهێزکردنی میکانیزمەکانی هاوکاری و هەماهەنگی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن کرایەوە".